واتە: من جنۆکەو ئادەمیم دروستکردووە تەنها بۆ پەرستن، هیچ ڕزقو ڕۆزیم لەوان ناوێ بۆ خۆم، چونکە تەنە هەر خوایە ڕۆزیدەرە خاوەن هێزی چار نەکراو، کەس ناتوانێ چاری خوا بکاو زاڵ ببێ بە سەریدا.

کاتێك تێئەفکرین لەم ئایەتە پیرۆزانە، کە ڕامان ئەوە ستێنێ لە سەر شێوازێکی ڕەوانبێژی ﴿القصد البلیغ﴾ دەربارەی ئامانجی دروستکردنی دروستکراوەکان، ڕێنماییمان ئەکات بۆ حەقیقەتێکی گەورە و بەردی بناغە کە ژیان لە سەری بنیاد ئەنرێت.

لێرەدا ئامانجێکی دیاری کراو هەیە بۆ بەدیهێنانی جنۆکە و ئینسان، خۆی لە جێ بەجێ کردنی ئەرکێکی بیرۆز بەرجەستە ئەکات، هەر کەس پێی هەستێت ئەوە ئامانجی هاتنە بوونی جێ بەجێ کردووە، و هەر کەسێك کەم تەرخەمی تێدا بکات، ئەوە ژیانی خاڵییە لە مەبەست ئەم ئامانجە دیاری کراوە عیبادەتی ﴿الله﴾ یە بەتاك و تەنها، هەروەك چۆن بۆ بەندەکانی تەشریع کردووە.

ئەگەر لێکۆڵینەوە بکەین لە ئایەتەکانی خوای گەورە بۆ ئەوەی واتای عیبادەت ئاشکرا بکەین کە ئامانج لە بوونی ئێمەیە و پەیامی ئێمەیە لە ژیاندا.

، ئەوە فەرموودەی پەروەردگارمان ئەخوێنینەوە:
((وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ)){البقرة:٣٠}.



واتە: لێرەدا بۆمان ئاشکرا ئەبێت چۆن کرداری ئەم خیلافەتە لەسەر زەویدا ئەنجام بدرێت لە لایەن مرۆڤەوە، هەروەها چۆن هەموو چالاکیەکان پێی هەستین کە چمگی خیلافەت جێ بە جێ بێت، لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی شارەزابوون لە نهێنیەکانی و گەشە پێ کردنی بە گوێرەی شەریعەتی خوای گەورە و ڕێبازەکەی لە زەویدا.

تاکو مرۆڤـ پەیامی خۆی بگەیەنێت، بە ڕۆڵی خۆی هەستێت کە لە ژیانیدا ئەرکی سەر شانی یەتی بە جێ بەجێ کردنی عیبادەت لە پیناویدا دروستکراوە، پێویستە دووشت بزانێت :

یەکەم: لە ناخی خۆیدا هەستی جێگیر بێت بە واتای بەندایەتی بۆ خوای گەورە بە تەنها.

دووەم: ڕووکردنە خوای پەروەردگار بە هەموو جموجوڵێك لە ناخ و ئەندامەکانی لاشەدا، بەڵکو لە هەموو جوڵەیەکدا لە ژیان خۆیەك لاکردنەوە بۆ خوای گەورە لە هەموو هەستێك و هەموو واتایەك لە پێچەوانەبێت لە گەڵ واتای بەندایەتی ﴿الله﴾بە تاك و تەنها.

لە بەر ئەوەی پاڵنەر بۆ ئیماندار لەسەر کردەوە کردن و توانا خەرج کردن لە خیلافەتەکیدا و هەستان بە ئەرکەکان پەیدا کردنی ڕزق و ڕۆزی نەبێت، پەروەردگاری بڵند مرۆڤەکانی ئازاد کردووە لە سەر قالبوون بە خەم و خەفەتی ڕزق و پەیداکردن، تاوەکو دڵی خالی بێت، توانای ئاراستە بکرێت بۆجێ بەجێ کردنی ئەو ئامانجەی لە بۆی دروستکراوە.



بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەستن، پێویستە عەقیدە و کردەوەیان بە گوێرەی شەریعەتی خوای گەورە بێت، لەو ئەرکەی ﴿إفعل و لاتفعل﴾

واتە: فەرمان پێ کردن و قەدەغە لێ کردن، تاکو بەختەوەری دونیا بەدەست بێنێت، بە شێوەیەك هەست بکات بە ئارامی دەروون و حەوانەوەی وێژدانی لە ئەنجامی هەستانی بە ئەرکی سەرشانی، هەروەها بەختەوەری لە دواڕۆژدا بەوەی دەستی ئەکەوێ لە ڕێزلێنان و نیعمەت و بەخشیشی گەورە.

ئەو ڕاستیەی کە ئەبێت هەرگیز لە بیرمان نەچێت، ئەوەیە خوای گەورە کە عیبادەتی لە سەرمان واجب کردووە لەبەر ئەوە نییە کە ئەو پێویستی بە عیبادەت کردن بێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی ئێمەیە، تاوەکو خۆپارێز بین، پارێزراو بین لە هەڵەو تاوان، ڕەزامەندی پەروەردگارمان دەست بکەوێ و ڕزگارمان بێت لە سزای، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾(البقرة:٢١).

واتە: ئەی خەڵکینە تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرستن،کە ئێوەو پێشووەکانی ئێوەی لە نەبوون درووست کردووە بەڵکو ئێوەش خۆ بپارێزن.

بەندایەتی ئێمە پلەیەکی بەرزە دەستمان ئەکەوێت، پەروەردگارمان وەسفی بەرێزترین مەخلوقی بەم سیفەتە ناوبردوە لە چەند جێگایەك لە قورئان،وەك ((سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ))